ئایا پێتان بڵێم کێ قەدەغە دەکرێت لەسەر دۆزەخ؟ وکێ دۆزەخی لەسەر قەدەغە دەکرێت؟ قەدەغە دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی نزیک ونەرم ونیان وئاسان

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا پێتان بڵێم کێ قەدەغە دەکرێت لەسەر دۆزەخ؟ وکێ دۆزەخی لەسەر قەدەغە دەکرێت؟ قەدەغە دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی نزیک ونەرم ونیان وئاسان ».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئایا هەواڵتان پێبدەم بەو کەسەی کە حەرام دەکرێت لە چوونە دۆزەخی ودۆزەخیش بۆ ئەو قەدەغە دەکرێت کە تێیدا سزا بدرێت وناچێتە ناو دۆزەخەوە بە هیچ شێوەیەک، هەرکەسێک نزیک بێت لە خەڵک وشوێنی دانیشتنیان ونەرم ونیان بێت بەرامبەریان بە گوێرەی توانا، وهەر کەسێک لەسەرخۆ بێت بەرامبەریان ولێبوورده بێت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4943